شاندکی پەرلەمانی عێراق سەردانی ئێران دەکات بۆ دڵنیاکردنەوەی ئەو مندااڵ ونبووانەی شاری هەڵەبجە

چڕە حەمەشەریف، پەرلەمانتاری یەکێتیی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە لێدوانێکی تایبەتیدا ڕایگەیاند: "دەسپێکی مندااڵ ونبووەکانی شاری هەڵەبجە لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بەرزکردەوە و بەیاردرا شاندکی پەرلەمان لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان سەردانی کۆماری ئیسلامی ئێران بکەن بۆ دڵنیاکردنەوەی ئەو مندااڵ ونبووانە".

ئەو پەرلەمانتارە دەشڵێت: لەسەر داوای ئەم کۆبوونەوەیەک لەنێوان دەزگای شەهیدانی فیدراڵ و وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی دەرەوە و وەزارەتەکانی تەندروستی و شەهیدان و ئینفالکراوەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و کونسوڵخانەی ئێران ئەنجامدرا بۆ تاوتوێکردنی دۆسیەی مندااڵ ونبووەکان بەگوێرەی، ئامارەکانمان 74 خێزان چاوەڕێی دیاریکردنی چارەنووسی مندااڵ ونبووەکانیان دەکەن کە ژمارەیان 211 مندااڵی بەسەروشوێنن کە لەکاتی بەردومانکردنی شاری هەڵەبجە بە چەکی کیمیایی لە ساڵی 1988 چوونەتە کۆماری ئیسلامی ئێران.